**تابلۆی شەڕ** **ڕەحمانی سۆفی**

کەشوهەوا تامی خوێنی ڕەمەزان ئەدا
لولەی چەک بۆنی هەورەتریشقە ئەدا
ئایا هێشتا سەردەمی جەنگی یەکەمە؟
ستون بە ستون بەریز دانیشتوون
لە نێو زڕوزبڵی دەروازەی شاردا
ئەم سیما مۆنانە
ئەم دەم و چاوە تێکچڕژاوانە
بە شێوە وێنەی گەنەوەر
بە سەر ڕووباری فڕاتەوە،
گیان بزۆز بۆ نازانم دەفڕن
لێواولێو پڕ هیوای ژیان
چاویان مۆلەقی ئاسمانە.